# A Critical Reading of the Definition of Myth in Kurdish Literature

**Sirwan Jabbar Amin**[1], **Rizgar Abdullah Ahmed**[2]
[1] Department of Kurdish Language, Faculty of Arts, Soran University – Soran – Kurdistan Region – Iraq,
[2]Department of Kurdish Language, College of Education, Raperin University – Qaladze – Kurdistan Region – Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.39*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*This paper is entitled: (A Critical Reading of the Definition of Myth in Kurdish Literature). This paper is a critical reading of the definitions of myth in two master's theses which consists of the two parts. The first part is theoretical and contains the two topics. The first topic deals with the definition, principles and conditions, and the second topic mentions the concepts, terms and definitions of myth. The second part is practical which consists of two topic. In the first topic, a critical reading has been done to the definitions of myth in the first thesis depending on the definition of the definition, principles and conditions with the definition of myth practically. In the second topic a critical reading of the definitions of myth has been done in the second thesis. In this study, we have concluded that the definitions of myth in both theses don't follow the conditions and principles of definition very well in a way that most of the definitions do not mention: (gender, type, discrimination, characteristics, form) of myth although they are not comprehensive, inclusive or prohibitive. paper method: This paper relies on the method (descriptive - analytical).*

***Keywords**: myth, gender, (form – appearance – shape), obstacle and plural, discrimination, type.*

# (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ پێناسەی ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا)

پ. د. سیروان جەبار ئەمین

بەشی زمانی کوردی فاکەڵتیی ئاداب زانکۆی سۆران – سۆران – هەرێمی کوردستان- عێراق
Sirwan.zand@yaho.com

م. ی. ڕزگار عبدالله احمد

بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردە زانکۆی ڕاپەڕین – قەڵادزێ – هەرێمی کوردستان- عێراق
Rizgar.abdullah@uor.edu.krd

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزی دکتۆرا

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی **(خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ پێناسەی ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا)**یە، کە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ پێناسەکانی ئەفسانە دەکات لە دوو نامەی ماستەردا. بەم شێوەیە، لە دوو بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم، تیۆرییە و دوو تەوەر لەخۆدەگرێت، تەوەری یەکەم باس لە چییەتی پێناسە و بنەما و مەرجەکانی دەکات، تەوەری دووەم بریتییە لە چەمک و زاراوە و پێناسەی ئەفسانە.

بەشی دووەمیش، کە پراکتیکییەکەیەتی، لە دوو تەوەر پێکهاتوە. لە تەوەری یەکەمدا، بە شێوەیەکی پراکتیکی بە پشتبەستن بە پێناسەی پێناسە و بنەما و مەرجەکانی لەگەڵ پێناسەی ئەفسانە، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ پێناسەکانی ئەفسانە کردوە لە توێژینەوەی یەکەمدا، تەوەری دووەمیش خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ پێناسەکانی ئەفسانە لە توێژینەوەی دووەمدا.

لەم توێژینەوەیەدا، بەو ئەنجامە گەیشتووین، کە پێناسەکانی ئەفسانە لە هەردوو توێژینەوەکەدا زۆر بە کەمی پەیڕەوی مەرج و بنەماکانی پێناسەیان تێدا کراوە، بە جۆرێک لە زۆربەی پێناسەکاندا باسی (ڕەگەز، جۆر، جیاکاری، تایبەتمەندی و فۆرم)ی ئەفسانە نەکراوە، جگە لەوەش زۆربەی پێناسەکان گشتگیر و کۆکەرەوە و قەدەغەکار نین.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی (وەسفی – شیکاری) بەستراوە.

**وشە کلیلییەکان:** ئەفسانە، ڕەگەز، (فۆرم – ڕووکەش – ڕووالەت)، مانع و جمع، جیاکاری، جۆر.

## پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە **(خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ پێناسەی ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا)**، ئەمە هەوڵێکە بۆ نیشاندان و دەرخستنی زۆربەی کێشە و گیروگرفتەکانی پێناسەی ئەفسانە لە دوو ماستەر نامەدا، کە وەکو کتێب بڵاوکراونەتەوە، یەکێکیان بە زاری کرمانجی خواروو و ئەوی تریان بە زاری کرمانجی سەروو نوسراون.

یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە، هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەییە بۆ پێناسەکانی ئەفسانە لەم دوو توێژینەوەیەدا، بە پشتبەستن بە تێکڕای ئەو پێناسانەی ئەفسانە، کە لەم توێژینەوانەدا خراونەتەڕوو، لەگەڵ مەرج و بنەماکانی پێناسە.

چونکە لەگەڵ ئەوەی چەند توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەبارەی ئەفسانەوە ئەنجامدراون لە کایەی ئەکادیمی کوردیدا، بەڵام زۆربەی ئەو پێناسانەی بۆ ئەفسانە خراونەتەڕوو لەو توێژینەوانەدا کێشە و گیروگرفتیان هەیە. ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە، چونکە هەرچەندە ئەو توێژینەوانە ژمارەیەکی زۆر پێناسەی ئەفسانەیان خستوەتەڕوو و لە زۆر ڕوانگە و گۆشەنیگای جیاوازەوە بۆ ئەفسانەیان ڕوانیوە، بەڵام زۆربەی ئەو پێناسانە بەشێکی زۆر لە مەرج و بنەماکانی پێناسەیان تێدا پەیڕەونەکراوە و وێنەیەکی ڕوونی ئەفسانەیان پێشکەشی خوێنەری کورد نەکردوە.

هەروەها ئامانجێکی دیکەی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لە پێناو ئەوەدایە تا بە پشتبەستن بە مەرج و بنەماکانی پێناسە و پێناسەکانی ئەفسانە، چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ئەو کێشە و گیروگرفتانە دەستنیشانبکرێت، کە لە پێناسەکانی ئەفسانەدا هاتوونەتەئاراوە، لەگەڵ ڕەواندنەوەی هەموو ئەو لێڵی و ئاڵۆزیانەی پانتایی دونیای ئەفسانەی کوردییان تەنیوە. چارەسەری ئەم بابەتەش تەنیا لە ڕێگەی دارشتنەوەیەکی نوێی پێناسەی ئەفسانەیە، کە هەموو مەرج و بنەماکانی پێناسەی تێدا پەیڕەوکرابێت و ئەفسانە بگێڕێتەوە بۆ پێگەی تایبەتی خۆی و شایستە بێت بە چییەتی ئەفسانە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی (وەسفی – شیکاری) بەستراوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکەمان دوو ماستەر نامەیە، یەکێکیان بە زاری کرمانجی سەروو و ئەوی تریان بە زاری کرمانجی خواروو نوسراوە. واتا، نمونەی ئەو پێناسانەن، کە لەو ماستەر نامانەدا خراونەتەڕوو، چونکە لەو ماستەر نامانەدا چەندین پێناسەی جۆراوجۆری ئەفسانەیان تێدایە، کە دەکرێت توێژینەوەیەکی تێر و تەسەل و تەواویان لەسەر ئەنجامبدرێت.

**کۆدی ئەو ماستەر نامانەی دەکەونە سنوری ئەم توێژینەوەیەوە**

**توێژینەوەی یەکەم:** حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، گەڕان بەدوای نەمریدا، چاپخانەی تاران، چ١، سلێمانی.

**توێژینەوەی دووەم:** عبدالرحمن، شڤان جرجیس (٢٠١٣)، ئەرک و ڕەگەزێن ئەفسانێ د چوار ڕۆمانێن دەڤەرا بەهدیناندا، چاپخانەیا پارێزگەها دهوکێ، دهۆک.

## ١- بەشی یەکەم

### ١-١- تەوەری یەکەم: چییەتی پێناسە و جۆر و بنەما و مەرجەکانی

پێناسە، یەکێکە لەو کەرەستە بنچینەییانەی لە زۆربەی توێژینەوە و بابەتە جۆراوجۆرەکاندا، توێژەر بۆ ناساندنی ئەو شتەی توێژینەوەی لەبارەوە دەکات پەنای بۆ دەبات. بۆیە پێویستە بەر لەوەی بچینە ناو پرۆسەی پێناسەکردنی شتەکانەوە، بزانین پێناسە چییە و مەرج و بنەماکانی چین. کەواتە، لە کورتترین گوزارشتدا دەتوانرێت بگوترێت: پێناسە "کەرەستەیەکی سەربەخۆ و ئامرازێکی گرنگە لە هەردوو بابەتی لۆجیک و پرۆسەی زانیندا پشتی پێدەبەسترێت"(عەزیز، حەمید، ٢٠١٦: ٥٤)، کە ئاشنامان دەکات بە ڕەگ و ڕیشە و چییەتی شتەکان.

غەزالی لەبارەی پێناسەی گشتی دەڵێت: "گشتی ناوێکی هاوبەشە بە دوو واتا دەوترێت، یەک لەو واتایانە لە جیهانی بینراودا هەیە، ئەوەی تر لە زەیندا هەیە، بۆ نمونە (مرۆڤ – سپی – ئازادی)"(جەباری، حسن حسین، ٢٠١٥: ٢٨)، کە هەر یەک لەم ناوانە تایبەتە بە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو و بۆ هیچ ڕەگەز و کۆمەڵەیەکی تر بەکارنایەت.

لێکۆڵەرانی ئەم بوارە، چەند جۆر پێناسەیان باسکردووە، کە ئێمە لێرەدا لەبەر سنورداری توێژینەوەکەمان تەنیا سێ لەو جۆرانەی پێناسە دەخەینەڕوو:

- **پێناسەی لۆژیکی:** ئەو پێناسەیەیە، کە واتای تایبەتی وشەکە دیاریدەکات و ڕێگە بە تێکەڵبوونی هیچ جۆرە لێڵی و ئاڵۆزیەک لەگەڵ بابەتەکە نادات. ئەو جۆرە پێناسەیە سەرجەم مەرجەکانی پێناسەی ڕاستەقینەی تێدایە و تایبەتمەندیەکانی ئەو شتەی پێناسەی دەکات، دەخاتەڕوو.(اشعیل، ابراهیم، ٢٠١٣: ٤٦) هەر بەم هۆیەشەوە، دەتوانرێت، بگوترێت، ئەم جۆرەی پێناسە باشترین جۆری پێناسەیە، دەکرێت لە لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا پشتی پێ ببەسترێت، لەبەرئەوەی سەرجەم مەرجەکانی پێناسەی تێدا بەدیدەکرێت.

جگە لەوەش ئامانجی سەرەکی پێناسە کێشانی سنورێکی جیاکەرەوەیە بە دەوری ئەو شتەدا، کە دەیەوێت پێناسەی بکات و ڕێگە بە تێکەڵبوونی نەدات لەگەڵ بابەتەکانی دیکە و دروستبوونی ئاڵۆزی، کە پێناسەی لۆژیکی بەم ئەرکەش هەڵدەستێت، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت، پێناسەی لۆژیکی باشترین جۆری پێناسەیە.

- **پێناسەی نالۆژیکی:** ئەم جۆرەی پێناسە چەندین مەرجی پێناسەی تیدا پشتگوێ دەخرێت و لەبەرچاو ناگیرێت، بۆیە ناتوانێت شتەکان ڕوونبکاتەوە و ڕاستیەکان ئاشکرا بکات، چونکە شتەکان لەیەکتری جیاناکاتەوە، ئەمەش گەورەترین هۆکاری هەڵەکردنە لەم جۆرە پێناسەیە. (الغزالي، ابو حامد، ١٩٩٠: ٢٦٧) بەهەندوەرنەگرتنی مەرجەکانی پێناسە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو بابەت و شتانەی، کە پێناسە دەکرێن، بە باشی نەناسێنرێن. بۆیە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت توێژەر پشت بە پێناسەی نالۆژیکی ببەستێت، چونکە بەشێکی زۆر لە مەرج و بنەماکانی پێناسەی تێدا پەیڕەوناکرێت.

- **پێناسەی ئینسایکلۆپیدی:** ئەم جۆرە پێناسەیە بەهۆی پێکهاتە تایبەتیەکەیەوە سروشتێکی ئینسایکلۆپیدی هەیە. بەپێی تایبەتمەندی و فرەچەشنی و ئەو بوارەی، کە وشە و زاراوەکانی لێوەردەگرێت، گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئەم پێناسەیە بەوە ناسراوە، کە زیاتر کارەکی و زانستییە و کۆگای زانستە جۆربەجۆرەکانە، بۆیە لە کۆتایی ئەم جۆرە پێناسەیەدا، پوختەی چەندین زانیاری جۆراوجۆری فەرهەنگی بەدیدەکرێت. (احمید، عبدالعزیز، ٢٠١١: ٥٥) بەم هۆیەشەوە لە ڕێگەی پێناسەی ئینسایکلۆپیدییەوە، ناتوانرێت وێنەیەکی ڕوونی ئەو شتەمان دەستبکەوێت، کە پێناسە دەکرێت. لەبەرئەمە، باشتر وایە، توێژەر خۆی لەم جۆرە پێناسەیە بەدووربگرێت، چونکە ئامانجی سەرەکی پێناسە ناساندنی شتەکان و جیاکردنەوەیانە لە یەکتری، بەڵام وەک لە پێناسەکەدا باسکرا، لەم جۆرە پێناسەیەدا چەندین بابەتی جۆراوجۆر بەرچاودەکەوێت، کە ئەمەش پێچەوانەی ئامانجی پێناسەیە، کە هەڵاوێرکردن و جیاکردنەوەی شتەکانە.

ئەرستۆ بۆ پێناسەکردنی هەر بابەتێک ئەم پێنج بنەما هەمەکییەی بە مەرج داناوە:

١. دەبێت ئەو چەمکانە بەکاربهێنرێن، کە بەلای خوێنەرەوە ڕوون و ئاشکران.

٢. پێویستە سود لەو چەمکانە وەربگیرێن، کە پەیوەندیان بە چەمکی نەناسراویەکەوە هەیە.

٣. ئەو چەمکانەی لە پێناسەکەدا پەنایان بۆ دەبرێن، پێویستە بە جۆرێکبن، کە هەموویان بەشێک لە ناوەڕۆک و ڕاستی و سروشتی شتە نەناسراوەکە ڕوونبکەنەوە.

٤. واباشە، لە پێکەوە گرێدانی چەمک و بیرۆکەکاندا لە چەمک و وشەی گشتگیرەوە دەستپێبکرێت بەرەو چەمکی وردتر.

٥. دەبێت پێناسەکە گشتگیر و هەمەلایەن بێت و ڕێگری لە تێکەڵبوونی لەگەڵ بابەتەکانی دیکە بکات. (عالمی، روح الله، ١٣٩٥: ٩) کەواتە، بۆئەوەی پێناسەیەکی ورد و هەمەلایەن و بێکێشەی هەرشتێکمان دەستبکەوێت، لە ڕوانگەی ئەرستۆوە، پێویستە ئەم پێنج بنەما هەمەکییەی پێناسە

لەبەرچاوبگرین، چونکە بەپێی تێگەیشتنی ئەو، هەر پێناسەیەک پەیڕەوی ئەم بنەمایانەی تێدابکرێت، وێنەیەکی ڕوونی ئەو شتە پیشاندەدات، کە پێناسەکەی بۆ دەکرێت.

دکتۆر حەمید عەزیز بە جۆرێکی تر باسی ئەم پێنج بنەما هەمەکییەی ئەرستۆ دەکات و لە ڕێگەی ئەم نمونەیەوە: (مرۆڤ زیندەوەرێکی ژیرە) شیکردنەوەیان بۆ دەکات، بەم شێوەیە:

١. ڕەگەز: بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم وشەیە، لای مرۆڤ سود لە چەمکی زیندوو دەبینرێت.

٢. جۆر: ئەو ناوە تایبەت دەکرێت بە وشەی مرۆڤ.

٣. جیاکاری: ژیری و هەستکردن بە شت خاڵی جیاکەرەوەی مرۆڤە لە زیندەوەرانی تر.

٤. تایبەتمەندی: پێکەنین ئەو تایبەتمەندیەیە، کە مرۆڤی پێ دەناسرێتەوە.

٥. ڕووکەش (ڕواڵەت): مرۆڤ بەراورد بە بوونەوەرە زیندووەکانی تر، دوو پێی هەیە و قیت و قنج لە سەریان دەڕوات. (عەزیز، حەمید، ٢٠١٦: ٥٣ – ٥٤) ئەمەش گوزارشتە لەوەی، کە وەکو چۆن لێرەدا لە ڕێگەی نمونەیەکەوە هەر پێنج بنەما هەمەکییەکە ڕوونکراونەتەوە، بە سودوەرگرتن لەم پێنج بنەمایە، دەتوانرێت پێناسەیەکی هەمەلایەن و گشتگیر و تەواو بۆ هەر شتێک بکرێت، کە مەبەستە، چونکە لە کاتی پێناسەکردنی شتەکاندا، ئەگەر ئاماژە بۆ ڕەگەز و جۆر و جیاکاری و تایبەتمەندی و فۆرمیان بکرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی بابەتەکە جوان بناسرێت و بەو هۆیەشەوە لە شتەکانی دیکە جیابکرێتەوە.

لە پاڵ بنەماکاندا، پێویستە مەرجەکانی پێناسەش لەبەرچاوبگیرێن، کە ئەمانەن:

١. دەبێت پێناسە گوزارشت بێت لە چییەتی شتەکە و لە جەوهەر و کرۆکی بابەتەکە بدوێت.

٢. (مانع و جمع) مەرجە پێناسە سەراپاگیر بێت و هەموو سیفەت و ڕەگەزەکانی شتەکە لەخۆیدا کۆبکاتەوە و باسیانبکات، هەروەها دەبێت ڕێگری لە هاتنەناوەوەی شتی لاوەکی بکات.

٣. باسکردنی ڕەگەزە نزیکەکان، نەک ڕەگەزە دوورەکان.

٤. بەکارهێنانی زمانێکی ڕوون و خۆ بەدوورگرتن لە وشەی لێڵ و نامۆ و میتافۆر. (اشعیل، ابراهیم، ٢٠١٣: ٤٣ – ٤٤) پشتگوێخستنی ئەم مەرجانە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەندین گرفت و کێشەی جۆراوجۆر لە پێناسەدا، چونکە ئامانجی سەرەکی پێناسە گوزارشتکردنە لە کرۆک و جەوهەری ئەو شتەی، کە پێناسە دەکرێت.

بۆیە کاتێک بۆ پێناسەکردنی هەر شتێک ئەم مەرجانە لەبەرچاوناگیرێن و پەنادەبرێتە بەر چەمک و زاراوەی لاوەکی و ڕەگەزە دوورەکان و وشەی لێڵ و نامۆ و میتافۆر، ئەوا ئەو پێناسەیە نەک ناتوانێت ئەو بابەتە بناسێنێت، بەڵکو بابەتەکە زیاتر لە خوێنەر ئاڵۆز دەکات. کەواتە، بەپێ

لەبەرچاوگرتنی ئەم مەرجانە، ناتوانرێت پێناسەیەکی تۆکمە و تەواو و بێکێشە و گرفت بۆ شتەکان بخرێتەڕوو.

لە سۆنگەی کاریگەری بنەما و مەرجەکانی پێناسەوە لەسەر بنیادنانی پێناسەیەکی تۆکمە و تەواو دەتوانرێت بگوترێت: "پێناسە ئەگەر تێیدا پەیڕەوی (بنەما) و مەرجەکان بکرێت دەبێتە بەش و کەرەستەیەکی گرنگی لۆجیک و پرۆسەی بەرەوپێشچوونی زانین و زانستەکان، چونکە وەک یاریدەدەرێک دەبێتە مایەی دڵنیایی بوون لە ڕاستی و دروستی دارشتن و ڕۆنانی دەستەواژەکان و کەوتنەوەی ئەنجامێکی گومان لێ نەکراو و سەلمێنەرەکان...، کە بابەتی گریمانکراوەکانیان پێ دەسەلمێنرێت و پشتڕاستیاندەکەنەوە، مەرجی خۆیانیان تێدا دەبێت و دەرفەتی ئەگەر نادەن و گومان هەڵناگرن"(عەزیز، حەمید، ٢٠١٦: ٥٥) لەبەرئەوە پێویستە لە کردەی ئەنجامدانی پێناسەدا بە هیچ شێوەیەک بنەما و مەرجەکانی پێناسە پشتگوێ نەخرێت، چونکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم مەرجانە، ناتوانرێت پێناسەیەکی ورد و دەقیق بۆ شتەکان بخرێتەڕوو.

**١-٢- تەوەری دووەم: زاراوە و چەمک و پێناسەی ئەفسانە**

ئەفسانە گوزارشتە لە ژیری و زیرەکیی مرۆڤی بەرایی و بە یەکەمین دەرکەوتەی بەرهەمی عەقڵی مرۆڤ دادەنرێت، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین مرۆڤی بەرایی لە ڕێگەی ئەفسانەوە قسەی لەسەر زۆربەی بابەتە جۆراوجۆرەکان و کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بەدیهاتنی گەردوون و مرۆڤ کردوە[١]، کە ئەمەش وایکردوە لە زۆر دیدگا و ڕوانگە و پسپۆڕی جیاوازەوە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەفسانە بکرێت و پێناسەی جیاوازی بۆ بکرێت.

لەم گۆشەنیگایەوە، دەگوترێت "پێناسەیەکی یەکانگیر بۆ ئەفسانە هەرگیز سەرناگرێت، چونکە ئەفسانە لە کۆمەڵ بابەتێک پێکهاتوە، کە لە ئاستی جیاجیادا کاردەکەن" (کومن، فرانتس، ٢٠٠٨: ٧١) لەگەڵ ئەمەشدا لێکۆڵەرانی بواری ئەفسانەناسی چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆ ئەفسانە خستوەتەڕوو، کە هەندێکیان کۆک و هەندێکیان ناکۆکن لەگەڵ چییەتی ئەفسانە.

لێرەدا هەوڵدەدەین، پاش گەڕانەوە بۆ بنج و بنەوان و ناساندنی چەمکی ئەفسانە چەند پێناسەیەکی کورتی ئەفسانە بخەینەڕوو. سەرەتا هەوڵدەدەین بگەڕێینەوە بۆ ڕەگوڕیشەی چەمکی ئەفسانە لای یۆنانیەکان، چونکە بنچینەی ئەم زاراوەیە گریکییە و دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانیەکان، (Myth) یان (Mythos)، کە وشەی (Mythos) بە واتای (قسەی گوتراو) دێت. بەڵام لێرە قسە

بە واتای هەموو ئەو قسانە نایەت، کە لە دەم دەردەچن، بەڵکو بە واتای ئەو قسانە دێت، کە گوزارشتن لە سەربووردەی خوداکان (ئیبراهیم، نەبیلە، ١٩٧٩: ٦) وەکو تەواوکەری ئەم بۆچوونە ڕایەکی تر هەیە پێی وایە، چەمکی ئەفسانە سەرچاوەکەی وشەی (muthas)ی گریکییە و بە واتای چیرۆک یان گێڕانەوە دێت، کە لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و زمانە ڕۆژئاواییەکانی تریشدا، هەر هەمان ڕەگ و ڕیشەی هەیە و دەیگێڕنەوە بۆ هەمان وشە. (السواح، فراس، ١٩٩٨: ٥٦)

هەر لەم چوارچێوەیەدا دەگوترێت: "وشەی (اسطورة)ی عەرەبی، کە بە واتای (ئەفسانە)یە، لە چەمکی (Istoria)ی، یۆنانیەوە هاتوە، ئەم چەمکەش، واتا (Istoria) ڕیشەی وشەی (History)ی زمانی ئینگلیزییە، کە بەواتای مێژوو دێت، واتا چەمکی مێژوو لە چەمکی ئەفسانەوە هاتوە، یان دەکرێت بڵێین: هەردووکیان خاوەنی هەمان ڕیشەن، هەردووکیان لە بنەڕەتدا هەر یەکن" (میراودەلی، خوسرەو، ٢٠١٦: ١٢٢)

پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی خرانەڕوو، ڕایەکی تر هەیە، پێیوایە، کە چەمکی ئەفسانە لە زمانی کوردی و زمانە خۆرهەڵاتییەکانی تردا ڕیشەیەکی کۆنتری هەیە و دەکرێت زمانە ڕۆژئاواییەکان لە ئەمانیان وەرگرت بێت، کە لەم بارەوە دەڵێت: "دەشێت وشەی Mythی ئینگلیزی لە وشەی ئاڤێستایی میثە ... وەرگیرا بێت" (خۆشناو، فەرهاد عەزیز، ٢٠١٣: ١٤) چونکە ئەو پێی وایە، ئەو چەمکە لە ناو ئاڤێستادا هەیە و ئاڤێستاش مێژوویەکی کۆنتری هەیە، بۆیە "وشەی میثی ئاڤێستایی و میتی پەهلەوی دزەی کردوەتە ناو زمانە ئەوروپییەکانەوە و لە لایەن ئەوانەوە بە شێوەی Myth بەکارهاتوە" (خۆشناو، فەرهاد عەزیز، ٢٠١٣: ١٤) لە (فەرهەنگی ئاڤێستایی)دا لەبارەی وشەی (میثە) چەند واتایەک دیاریکراوە، کە ئەمانەن: "درۆ، بێسود، بێهودە" (فروشی، بهرام، ١٣٤٦: ١١٢١)

لەبارەی چەمک و زاراوەی ئەفسانە لە زمانی کوردیدا دەگوترێت: "ئەفسانە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بە واتای چیرۆک، ڕاز، سەرگوزەشت، دیرۆک و قسەی پووچ هاتوە" (فەرهاد عەزیز خۆشناو، ٢٠١٣: ١٣) هەر وەکو فەرهەنگی زانکۆی کوردستان، بەم شێوەیە لە بارەی وشەی ئەفسانە دواوە و دەڵێت: "دیرۆک، چیرۆک، ڕووداوی خەیاڵی، شتێ، کە نەبووە و بە خەیاڵ دروستکراوە، ڕووداوێکی ناڕاست، کە ناکرێت و نەکراوە، چیڤانۆک، ئەفسانە، اساطیر" (مردوخی، محمد ماجد، ١٣٩٢: ٢١٦) دەگەیەنێت.

هەروەها لە (فەرهەنگی مەردۆخ)دا، ئەفسانە بە واتای "ڕاز، دەسان، سەرگوزەشت، چیرۆک هاتوە (کوردستانی، محمد مردوخی، ١٣٨٨: ٤٩). فەرهەنگی قاموسی زمانی کوردیش بەم

شێوەیە گوزارشتی لە ئەفسانە کردوە "چیرۆکێکی ڕووداوی کۆنی وا بگێڕدرێتەوە نەچێتە مێشکەوە و ئاقڵ نەیگرێت، حەکایەت، داستان، نەقڵ، ڕاز، هەقایەت، قسەی ناڕاست، قسەیەک بە مەبەستی خەڵەتاندن بکرێت" (زەبیحی، عەبدوڕەحمانی، ١٣٦٧: ١٥٩)

لەگەڵ ئەو واتا و لێکدانەوە جیاوازانەی بۆ چەمکی ئەفسانە خرانەڕوو لە فەرهەنگە کوردییەکاندا هاوڕا و کۆکین لەگەڵ ئەو بۆچوونە و تێگەیشتنەی، کە دەڵێت: پێویستە گۆشەنیگای "کورد بۆ ئەفسانە جیاواز بێت لەم تێڕوانینە (کە ئەفسانە بە بابەتێکی پڕوپوچ دەناسێنن)، چونکە بەشێکی گرنگ لە مێژوو و کولتوور و شارستانیەتی میللەتی کورد لە ناو دەقە ئەفسانەییەکاندا پارێزراون و دەبێت وەکو کەرەسەیەکی خاو سوودیان لێ وەربگیرێت" (خۆشناو، فەرهاد عەزیز، ٢٠١٣: ١٥) کەواتە، ئەفسانەی ڕەسەن بەلای ئێمەوە بابەتێکی پڕوپوچ و خورافی نیە، بەڵکو بەشێکی گوزارشتە لە واقع و مێژووی میللەتی کورد لە قۆناغە بەراییەکاندا، کە بابەتەکانی کلتوور و شارستانیەت و ناسنامەی میللەتی کورد تیایاندا پارێزراوە.

کەواتە، دەتوانرێت بگوترێت: "ئەم دەقە ئەفسانەییانە پیرۆزن، چونکە باسی سەربووردەیەکی پیرۆزمان بۆ دەگێڕنەوە، لێرەدا دەبێت پشت بەو پێناسانە ببەسترێت، کە ئەفسانە بە بابەتێکی پیرۆز دادەنێن و بەپێی ئەو ڕێبازانە لە ئەفسانەی میللەتەکەمان بکۆڵینەوە، کە ئەفسانە بە بابەتێکی پڕوپووچ و کەم بایەخ دانانێ(ن)" (خۆشناو، فەرهاد عەزیز، ٢٠١٣: ١٥) بۆیە پێویستە ئەو بۆچونە باوەی ناو کۆمەڵگەی کوردی ڕاستبکرێتەوە و وا نەزانرێت کاتێک "دەڵێین: ئەمە ئەفسانەیە، مەبەستمان ئەوەیە، کە لە پیرۆزیی ئەو شتە بدەین" (مەلائەمین، ئارام حاجی، هاوژینی، ٢٠١٥: ١٣٣) چونکە ئەفسانە بابەتێکی پڕوپوچ و بێکەڵک نیە و چەندین لایەنی گرنگ و جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، کە بە لەدەستدانیان هیچ زانیاریەکمان نامێنێت لەبارەی قۆناغە سەرەتاییەکان و ئەو بابەتە جۆراوجۆرانەی لەو سەردەمانەدا لە ئارادابوون وەکو بیروباوەڕی ئایینی و ناسنامەی نەتەوەیی و مێژوویی و ئەدەبیات و بابەتە زانستیەکان و هتد....

لەم گۆشەنیگایەوە، میرچا ئیلیادە چەندین سەرنج و تێبینی لەسەر پێناسەکانی ئەفسانە هەبووە و ڕەخنەی توندی لێگرتوون، بۆیە هەوڵیداوە لە ڕێگەی داڕشتنەوەی پێناسەیەکی نوێ بۆ ئەفسانە بە جیهانی ڕاستەقینەی ئەفسانە ئاشنامان بکاتەوە، بەم شێوەیە پێناسەی ئەفسانەی کردوە و دەڵێت: "ئەفسانە سەربووردەیەکی پیرۆز و ئاسمانی دەگێڕێتەوە، پیشاندەری ڕووداوێکە، کە لە زەمەنی دەسپێک، زەمەنی پڕ نهێنی سەرەتای هەموو شتێک ڕوویداوە" (الیادە، میرچا، ١٣٩٠: ١٤) ئیلیادە لە ڕێگەی پێناسەکەی خۆیەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان زۆربەی پێناسەکانی ئەفسانەی پێش خۆی ڕەتکردەوە، چونکە لە ڕوانگەی ئیلیادەوە ئەوەی بۆ ئەفسانە

بووە بە تایبەتمەندی و پێی دەناسرێتەوە، پیرۆزی و وابەستەبوونە بە ئاسمانەوە لەگەڵ کاتی بنیاتنان و پەیدابوونی ئەفسانەکان، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی سەرەتای بوون.

ئەلکساندەر کراپ لێکۆڵەرێکی تری بواری ئەفسانە ناسییە و بەم شێوەیە پێناسەی ئەفسانە دەکات و دەڵێت: "ئەفسانە، گێڕانەوە یان چیرۆکێکە، کە خوداوەندەکان تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن" (میلیکشیویلی، گئورگی، ١٣٨٧: ١٣) ئەوەی لەم پێناسەیەدا گرنگە و جێگای بایەخە ئەوەیە، ئەفسانە بەو ڕووداوانەوە پەیوەستدەکات، کە خوداوەندەکان ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن، کە ئەمەش دەبێتە پێوەرێکی ورد بۆ جیاکردنەوەی ئەفسانە لە بابەت و ژانرە ئەدەبیەکانی تر، چونکە بە پێی ئەم پێناسەیە مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تر ناتوانن لە ئەفسانەدا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن.

ئەم ڕۆڵ بینینەی خوداکان لە ئەفسانەدا سەردەکێشێت، بۆ ئەوەی خەڵکی بە چاوێکی پیرۆزەوە لە ئەفسانە بڕوانن، چونکە "کاتێک خوداوەندان لە بەسەرهاتێکدا ڕۆڵ ببینن، ئەم بەسەرهاتانە بە بەسەرهاتی پیرۆز دادەنرێن، هەر لەم ڕوانگەیەوە بێگومان لە لایەن خەڵکییەوە بەرز و پیرۆز ڕادەگیرێن. بە تایبەتی ئەگەر باسی ئەفراندنی گەردوون و سەرجەم گیاندار و بێگیانەکان لە لایەن خوداوەندەکانەوە لە ئارادا بێت" (خۆشناو، فەرهاد عەزیز، ٢٠١٣: ١٦) کەواتە، ڕۆڵ بینی خوداوەندەکان یەکێکە لە تایبەتمەندیە دیارەکانی ئەفسانە و ئەو بابەتانەشی، کە لە پاڵ ئەواندا دەخرێتەڕوو وەکو خوڵقاندنی دونیا و مرۆڤ و بوونەوەران، هەم پیرۆز سەیردەکرێن و هەمیش لە بابەتەکانی تر جیایی دەکاتەوە.

فۆرم و ڕوخسار، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی ئەفسانە دەکات بە دەقێکی ئەدەبی، بۆیە هاوکاتی ناوەڕۆک و کارەکتەرەکان لە پێناسەکانی ئەفسانەدا گرنگی پێدراوە و بە چاوێکی پڕ بایەخەوە لێی ڕوانراوە، لەم ڕوانگەیەوە یەکێک لە پێناسەکانی ئەفسانە بەم شێوەیە باسی شێوازی خستنەڕوو و ناوەڕۆک و پاڵەوان و فۆرم و ڕوخساری ئەفسانە دەکات و دەڵێت: "ئەفسانە مێژوویەکی... پیرۆزە، بە شێوەی گێڕانەوەیەکی شیعرییە و پاڵەوانەکەی خوداوەند یان بوونەوەرێکی خوداوەندییە، بە زۆری باسی بابەتە گەورەکانی وەکو دروستکردنی جیهان و ڕیشەی شتەکانی تر و مردن دەکات، خاوەنی پیرۆزی و هێزێکی گەورەیە لە دەمی خۆیدا. نوسەرەکەی دیارنیە، چونکە بەرهەمی خەیاڵێکی بە کۆمەڵە نەک تاکە کەس، سیمای جیاکەرەوەشی دەوڵەمەندی لایەنی ڕۆحییە" (الماجدی، خزعل، ٢٠١٠: ٤٧) ئەوەی لێرەدا جێگای بایەخە و پێویستە لەسەری بوەستین، ئەوەیە لەم پێناسەیەدا هاوکاتی ئەوەی ئەفسانە وەک مێژوویەکی پیرۆز و خاوەنی هێزێکی ڕوحی وەسفکراوە خوداوەندی بە پاڵەوانی ئەفسانە

ناساندوە ئەوەشی فەرامۆش نەکردوە، کە بەرهەمی خەیاڵی بە کۆمەڵە و نوسەرەکەی دیار نیە و لە قاڵبێکی شیعریدا خراوەتەڕوو، ئەمەش گوزارشتە لەوەی ئەفسانە ناوەڕۆکەکەی هەر چییەک بێت دەق و ژانەرێکی ئەدەبیە، چونکە هەم بەرهەمی خەیاڵە و هەمیش لە قاڵبێکی شیعریدا داڕێژراوە.

لەلایەکی تریشەوە پێناسەیەک سیمای زارەکی بە ئەفسانە دەبەخشێت و بەم شێوەیە گوزارشت لە بابەتەکە دەکات و دەڵێت: "ئەفسانە گێڕانەوەیەکی پیرۆزی تەقلیدییە، بەو واتایەی بە گێڕانەوەی زارەکی لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی دی، ئەمەش ئەفسانە دەکات بە یادەوەری کۆمەڵ یاخود یادەوەری گروپ، کە بەها و نەریت و سروت و حیکمەتەکانی ئەو کۆمەڵە دەپارێزێت و دەیگوازێتەوە بۆ نەوە یەک لە دوای یەکەکان و هێزی کۆنترۆڵکردنی دەروونەکان دەستەبەر دەکات" (ئەلسەواح، فیراس، ٢٠٢١: ٢٥) ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، ئەم پێناسەیەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەفسانە بابەتێکی پیرۆزە، هاوکاتی ئەمە پێی وایە، سیمایەکی دیاری ئەفسانە گێڕانەوەی زارەکییە، چونکە لەم بارەوە دەگوترێت: ئەوە بووە بە نەریت، کە دەقی ئەفسانەیی بە فۆرمی شیعری بخرێتەڕوو، تا ئاسان بێت بۆ گوتنەوە و گواستنەوەی و دەستاودەستکردنی  بە شێوەیەکی زارەکی لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا (ئەلسەواح، فیراس، ٢٠٢٢: ٨٣) کەواتە، یادەوەری کۆمەڵگە خاوەندارێتی ئەفسانە دەکات نەک تاکە کەسێک.

لەگەڵ ئەوەی چەند پێناسەیەکی جیاواز لە ڕوانگەی توێژەر و لێکۆڵەرانی بواری ئەفسانە بۆ ئەفسانە خرانەڕوو، بەڵام تێکڕای ئەو پێناسانە زۆربەی بنەما هەمەکیەکانی ئەفسانەیان پشتگوێ خستوە و (مانع و جمع) و گشتگیر و هەمەلایەن نین، وێڕای ئەوەش هەر یەک لەو پێناسانە لایەنێک یان چەند لایەنێکی گرنگی ئەفسانەیان ناساندوە، بەڵام بە تەواوەتی چییەتی ئەفسانەیان نەخستوەتەڕوو.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بە سودوەرگرتن لە پێناسەکانی سەرەوە و لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی پێناسەدا هەوڵدەدین پێناسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەن تر بخەینەڕوو، کە گوزارشت بێت لە چییەتی ئەفسانە و  لە ڕێگەیەوە زۆربەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەفسانە بناسێنرێت و پێی لە ژانەرە ئەدەبی و بابەتەکانی تر جیابکرێتەوە.

کەواتە، ئەفسانەی ڕەسەن بابەتێکی پڕوپوچ و خوڕافە و درۆ و دەلەسە نیە و بۆ کات بەسەربردن و چێژ وەرگرتن نەهۆنراوەتەوە. بەڵکو ئێمە پێمانوایە، لە گونجاوترین پێناسەی ئەفسانەدا دەتوانرێت بگوترێت: ئەفسانە ژانەرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە و بە زمانێکی ڕەمزی و بە شێوازێکی هونەری لە قاڵبێکی شیعریدا داڕێژراوە و خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە

بنیاتنانیدا، کە بەشێکی زۆر لە کلتور و مێژوو و شارستانیەت و دابونەریتی مرۆڤی قۆناغە سەرەتاییەکانی سەردەمی فرەخوداوەندی پاراستوە و لەبارەی ڕووداو و بەسەرهات و مێژوو و بیروباوەڕ و پیرۆزییەکانی ئەو قۆناغە دەدوێت و پاڵەوانەکانی خودا و نیوە خوداکانن و لەو کار و کردەوانەی خوداکان دەدوێت، کە باسی چۆنیەتی بەدیهاتنی گەردوون و مرۆڤ و بوونەوەر و شتەکان دەکات و پەردە لەسەر چۆنیەتی ڕوودانی دیاردە سروشتیەکانی و نهێنی قۆناغە سەرەتاییەکان هەڵدەداتەوە و بەرهەمی خەیاڵی بە کۆمەڵە و نوسەرەکەی دیار نیە و خاوەنەکەی کۆمەڵگەیە. بەم هۆیەشەوە دەتوانرێت بۆ دۆزینەوەی بابەتە ون بوو و شاراوەکان سود لە ئەفسانە وەربگیرێت و وەکو تاکە سەرچاوەی ئەو قۆناغە پەنهان و نادیارە سەیربکرێت.

**٢- بەشی دووەم: خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ پێناسەی ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا**

ئەو دوو توێژینەوانەی وەرگیراون و کاریان لەسەر کراوە کۆمەڵێک بابەتیان بە پێناسە داناوە، بەڵام مەرج و بنەماکانی پێناسەیان تێدا بەدینەهاتووە و دەچنە خانەی ناساندنێکی گشتییەوە، سەرەڕای ئەوەی ناساندن جیایە و پێناسە جیایە، کە پێویستە نامە و کاری ئەکادیمی سود لە پێناسە وەربگرێت بۆ ڕوونکردنەوەی وردی چەمکەکانی نەک ناساندنی گشتی، بەڵام لەم دوو نامانەدا ناساندنی گشتی لەبری پێناسە دانراوە و وەکو پێناسە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بۆیە لێرەدا وەکو پێناسە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و هەڵدەسەنگێندرێن، چونکە لە شوێنی پێناسە دانراون، هەرچەندە ئامانجی پێناسەشیان نەپێکاوە.

**٢-١- تەوەری یەکەم: خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ پێناسەکانی ئەفسانە لە (توێژینەوەی یەکەم)دا**

وێڕای ئەوەی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی فراوان لەبارەی پێناسەی ئەفسانەوە دواوە و بایەخێکی زۆری پێداوە و بە چەندین شێواز پێناسەی ئەفسانەی کردوە، لێرەدا ئاماژە بە چوار پێناسە دەکەین، لەگەڵ ئەوەی سێ لە پێناسەکان لە سەرچاوەی تر وەرگیراون و هی شارەزایان و زانایانی بواری ئەفسانەناسین، کە ئەم پێناسانە کۆمەڵێک کێشەیان هەیە و چەندین سەرنج و تێبینی هەڵدەگرن، بەڵام توێژینەوەی یەکەم هیچ سەرنج و تێبینیەکی لەسەر کێشە و گرفتەکانیان نەخستوەتەڕوو، بۆیە ئێمە وەکو دیدگا و گۆشەنیگای ئەم توێژینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین و لە ڕوانگەی چییەتی پێناسە و مەرج و بنەماکانی و پێناسەی ئەفسانەوە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی بۆ سەرجەم پێناسەکان ئەنجامدەدەین.

لە دەسپێک و پێش ئەوەی بچێتە سەر پێناسەکانی ئەفسانە دەڵێت: "ئێمە لێرە بۆ ئەوەی خۆ لەم هەموو ڕێباز و پێناسەیە دوور بخەینەوە، بە کورتی چەند جۆر پێناسەیەک بۆ ئەفسانە

دەگوێزینەوە و دواجار ڕای خۆمان لە بارەی ئەفسانەوە دەردەبڕین" (حەسەن، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٢٠: ٥٥)، کە پێناسەکان ئەمانەن:

**٢-١-١- پێناسەی یەکەم:** توێژینەوەی یەکەم بە شێوەیەکی میتافۆری یەکەمین پێناسەی ئەفسانەی خستوەتەڕوو، کە دەڵێت: "ئەفسانە وەکو ئاو وایە، لەنێو هەموو جۆرە خواردنێکدا ڕێژەیەکی دیاریکراوی خۆی هەیە" (حەسەن، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٢٠: ٥٥) ئەگەر بە پێی مەرج و بنەماکانی پێناسە و پێناسەی ئەفسانە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پێناسەیە بکرێت و شیبکرێتەوە دەتوانرێت بگوترێت ئەم کێشانەی تێدا بەدیدەکرێت:

ئەم پێناسەیە ئاماژەی بۆ ڕەگەزی ئەفسانە نەکردوە، کە ڕەگەزێکی ئەدەبیە، هەرچەندە ئەمە بنەمایەکی بنچینەییە و ناکرێت لە پێناسەی ئەفسانەدا پشتگوێ بخرێت، چونکە ڕەگەزی ئەفسانە یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئەفسانە و بابەتەکانی تری پێ لە یەکتری جیابکرێتەوە، بە هۆی پشتگوێخستنی ئەم بنەما هەمەکییەوە ئەفسانە تێکەڵکراوە لەگەڵ ئاو و خواردن، کە ڕەگەزێکی ئەدەبیان نیە.

یەکێک لەو بنەما هەمەکییە گرنگانەی ئەم پێناسەیە بە هەندی وەرنەگرتوە (جۆر)ە، ئەمەش گرفتێکی گەورەی سازاندوە، لەبەرئەوەی کاتێک ئاماژە بۆئەوە بکرێت، کە ئەفسانە ژانەر و جۆرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، ئەوا لەو ڕێگەیەوە لە ژانەر و جۆرە ئەدەبییەکان و بابەتەکانی تر جیادەکرێتەوە.

گرفتێکی تری ئەم پێناسەیە ئەوەیە ئاماژەی بەو سیفەت و تایبەتمەندیانە نەکردوە، کە دەبنە (جیاکاری) ئەفسانە و پێی جیادەکرێتەوە لە بابەتەکانی تر، بەڵام لێرەدا چونکە ئەم بنەمایە گرنگی پێ نەدراوە ئەفسانە بە ئاو چوێنراوە و تێکەڵ بە هەموو جۆرە خواردنێک کراوە.

یەکێکی تر لەو بنەما هەمەکییانەی ئەم ناساندنە نەهاتوە (ڕووکەش - ڕواڵەت)ی ئەفسانەیە، کە بریتییە لە فۆرمی داڕشتنی ئەفسانە، چونکە کاتێک ئاماژە بۆ قاڵبی ژانەری ئەفسانە دەکرێت چارەسەری کۆمەڵێک کێشە دەکات و بە ئاسانی پێی لە بەشێک لە بابەت و ژانەرە ئەدەبییەکانی تر جیادەکرێتەوە.

هەرچەندە مەرجە پێناسە سەراپاگیر بێت و هەموو سیفەت و ڕەگەزەکانی ئەفسانە لە خۆیدا کۆبکاتەوە و باسیانبکات، هەرچەندە زۆریش بن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگری بکات لە تێکەڵاوبوون و هاتنەناوەوەی شتی لاوەکی بۆ ناو ئەفسانە.

ئەو چەمکانەی لە پێناسەکەدا پەنایان بۆبراوە بەشێک لە ناوەڕۆک و ڕاستی و سروشتی ئەفسانەیان ڕوونەکردوەتەوە، وەک، ئاو، خواردن.

لە چەمک و وشەی گشتگیرەوە دەستپێینەکراوە بەرەو چەمکی ورد تر، بۆ نمونە دەبوو بەم شێوەیە بڵێت: (ئەفسانە ژانەرێکی ئەدەبیە) ئەمە وشە و چەمکێکی گشتگیرە و چەمکە وردەکانی تری پەیوەست بە ئەفسانە لەخۆدەگرێت، کە پێویست بوو لە دوای ئەم وشە گشتگیرە یەکبەیەک باسی ئەو چەمکە وردانەی تری بکردایە، کە وابەستەن بە پێناسە ئەفسانەوە و ئەفسانەیان پێ دەناسرێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە، کە چییەتی ئەفسانەی نەناساندوە و هیچ کام لەم مەرج و بنەمایانەی پێناسەی تێدا نیە، کە باسکران. دەتوانرێت بگوترێت، ئەمە ناساندنێکی گشتیە و ناچێتە خانەی پێناسەی ئەفسانەوە.

لەگەڵ ئەوەش ئەم ناساندنە گشتیە هیچ بەرچاو روونییەک بە خوێنەر نادات و هیچ لایەنێکی ئەفسانە ناخاتەڕوو و خوێنەر ناتوانێت لە ڕێگەیەوە ئەفسانە بناسێت و لە بابەتەکانی تر جیای بکاتەوە.

لەلایەکی تریشەوە بۆ ناسینەوەی ئەفسانە خوێنەر پێویستی بەوە نیە بزانێت ئەفسانە لە چیدا هەیە؟! بەڵکو بە پێچەوانەوە، پێویستی بەوەیە بزانێت، چ شتێک لە ئەفسانەدا هەیە و لە بابەتەکانی تردا نیە، بۆئەوەی لەو ڕێگەیەوە ئەفسانە لە بابەتەکانی تر جیابکاتەوە.

**٢-١-٢- پێناسەی دووەم:** تێکەڵکردنی ئەفسانە لەگەڵ بابەتە جیاوازەکان لە پێناسەی ئەفسانەدا کارێکی نەگونجاوە، بەڵام لە پێناسەیەکی تردا ئەفسانە بە تێکەڵەی چەندین بابەت ناودەبات و دەڵێت: "ئەفسانە هونەری مرۆڤی سەرەتاییە، کە تێکەڵە لە جادوو، ئایین، مێژوو، ڕامان و زانست، چونکە وەکو دەرکەوتوە، ئەفسانەناسی بۆ خۆی شوێنی پێکگەیشتنی ژمارەیەکی زۆری بەشە تایبەتکارەکانی زانستە" (حەسەن، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٢٠: ٥٨) ئەگەر بە پێی مەرج و بنەماکانی پێناسە و پێناسەی ئەفسانە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پێناسەیە بکرێت و شیبکرێتەوە دەتوانرێت بگوترێت ئەم کێشانەی تێدا بەدیدەکرێت:

ئەم پێناسەیە ئاماژەی بۆ ڕەگەزی ئەفسانە نەکردوە، کە ڕەگەزێکی ئەدەبیە، هەرچەندە ئەمە بنەمایەکی بنچینەییە و ناکرێت لە پێناسەی ئەفسانەدا پشتگوێبخرێت، چونکە ڕەگەزی ئەفسانە یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئەفسانە و بابەتەکانی تری پێ لە یەکتری جیابکرێتەوە، بەڵام بە هۆی پەراوێزخستنی ئەم بنەمایە ئەفسانە تێکەڵکراوە لەگەڵ کۆمەڵێک بابەتی تری وەک جادوو، زانست، مێژوو، ئایین، کە ڕەگەزێکی ئەدەبیان نیە.

(جۆر) یەکێکە لەو بنەما هەمەکییە گرنگانەی ئەم پێناسەیە بەهەندی وەرنەگرتوە. ئەمەش گرفتێکی گەورەی سازاندوە، لەبەرئەوەی کاتێک ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە ئەفسانە ژانەر و

جۆرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، ئەوا لەو ڕێگەیەوە لە ژانەر و جۆرە ئەدەبییەکان و بابەتەکانی تر جیادەکرێتەوە، بەڵام بەهەند وەرنەگرتنی ئەم بنەمایە وایکردوە ئەفسانە تێکەڵبکرێت لەگەڵ مێژوو، ئایین، زانست و جادوو، هەرچەندە ئەم بابەتانە ڕەگەزێکی ئەدەبیشیان نیە.

گرفتێکی تری ئەم پێناسەیە ئەوەیە ئاماژەی بەو سیفەت و تایبەتمەندیانە نەکردوە، کە دەبنە جیاکاری ئەفسانە و پێ جیادەکرێتەوە لە بابەتەکانی تر، بۆیە تێکەڵکراوە لەگەڵ جادوو، ئایین، زانست و مێژوو.

یەکێکی تر لەو بنەما هەمەکیانەی ئەم ناساندنە باسی نەکردوە، فۆڕمی ئەفسانەیە، کە بریتییە لە فۆڕمی داڕشتنی ئەفسانە، چونکە کاتێک ئاماژە بۆ قاڵبی ژانەری ئەفسانە دەکرێت، چارەسەری کۆمەڵێک کێشە دەکات و بە ئاسانی پێی لە بەشێک لە بابەت و ژانەرە ئەدەبیەکانی تر جیادەکرێتەوە، گرنگی نەدان بەم بنەمایە وایکردوە ئەفسانە تێکەڵبکرێت لەگەڵ زانست، ئایین، مێژوو و جادوو، کە وەکو ئەفسانە قاڵبێکی شیعریان نیە.

هەرچەندە مەرجە پێناسە سەراپاگیر بێت و هەموو سیفەت و ڕەگەزەکانی ئەفسانە لە خۆیدا کۆبکاتەوە و باسیانبکات، هەرچەندە زۆریش بن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگری بکات لە تێکەڵاوبوون و هاتنەناوەوەی شتی لاوەکی بۆ ناو ئەفسانە، بەڵام لێرەدا ئەفسانە تێکەڵکراوە لەگەڵ ئایین، مێژوو، جادوو و زانست.

ئەو چەمکانەی لە پێناسەکەدا پەنایان بۆبراوە بەشێک لە ناوەڕۆک و ڕاستی و سروشتی ئەفسانەیان ڕوونەکردوەتەوە وەکو مێژوو، زانست، ئایین و جادوو.

لە چەمک و وشەی گشتگیرەوە دەستپێنەکراوە بەرەو چەمکی ورد تر، بۆ نمونە، دەبوو بەم شێوەیە بڵێت: (ئەفسانە ژانەرێکی ئەدەبیە) ئەمە وشە و چەمکێکی گشتگیرە و چەمکە وردەکانی تری پەیوەست بە ئەفسانە لەخۆدەگرێت، پێویست بوو لە دوای ئەم وشە گشتگیرە، یەک بە یەک باسی ئەو چەمکە وردانەی تری بکردایە، کە وابەستەن بە پێناسە ئەفسانەوە و ئەفسانەیان پێ دەناسرێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە، چییەتی ئەفسانەی نەناساندوە و هیچ کام لەم مەرج و بنەمایانەی پێناسەی تێدا نیە، کە باسکران. دەتوانرێت بگوترێت، ئەمە ناساندنێکی گشتیە و ناچێتە خانەی پێناسەی ئەفسانەوە.

وێرای هەموو ئەو سەرنجانەی، کە باسکران ئەم ناساندنە لە سەرچاوەی تر وەرگیراوە، بەڵام هیچ سەرنج و تێبینیەک نەخراوەتەڕوو لەسەر کێشە و گیروگرفتەکانی.

هەرچەندە ئەفسانە لەگەڵ ئایین، مێژوو، زانست و ڕامان سەروسەودای هەیە و لە پەیوەندی دایە، بەڵام ناکرێت ئەفسانە و جادوو تێکەڵی یەکتر بکرێن، چونکە ئەگەر ئەفسانە لەگەڵ ئاییندا لە پەیوەندی دابێت و تێکەڵ بێت بە ئایین ناکرێت و ناگونجێت لەگەڵ جادووشدا لە پەیوەندیدا بێت و تێکەڵی جادوو بێت، لەبەرئەوەی ئایین و ئەفسانە بە چاوێکی پیرۆزەوە لێیان دەڕوانرێت و لە هەوڵی ڕێکخستنی کۆمەڵگەدان، بەڵام بە پێچەوانەوە جادوو پیرۆز نیە و بە چاوێکی بێزراوەوە لێی دەڕوانرێت و هەوڵی تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش دەدات.

**٢-١-٣- پێناسەی سێیەم:** فۆڕمی شیعری، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، ئەم پێناسەیە بە تەنیا لەبارەیەوە دەدوێت و دەڵێت: "ئەفسانە شێوەی یەکەمی شیعرە" (حەسەن، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٢٠: ٦٠) ئەگەر بە پێی مەرج و بنەماکانی پێناسە و پێناسەی ئەفسانە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پێناسەیە بکرێت و شیبکرێتەوە، دەتوانرێت بگوترێت، ئەم کێشانەی تێدا بەدیدەکرێت:

ئەم پێناسەیە ئاماژەی بۆ ڕەگەزی ئەفسانە نەکردوە، کە ڕەگەزێکی ئەدەبیە، هەرچەندە ئەمە بنەمایەکی بنچینەییە و ناکرێت پشتگوێبخرێت لە پێناسەی ئەفسانەدا، چونکە ڕەگەزی ئەفسانە یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئەفسانە و بابەتەکانی تری پێ لە یەکتری جیابکرێتەوە.

یەکێک لەو بنەما هەمەکییە گرنگانەی ئەم پێناسەیە بەهەندی وەرنەگرتوە(جۆر)ە، ئەمەش گرفتێکی گەورەی سازاندوە، لەبەرئەوەی کاتێک ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە ئەفسانە ژانەر و جۆرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، ئەوا لەو ڕێگەیەوە لە ژانەر و جۆرە ئەدەبیەکان و بابەتەکانی تر جیادەکرێتەوە.

گرفتێکی تری ئەم پێناسەیە ئەوەیە، ئاماژەی بەو سیفەت و تایبەتمەندیانە نەکردوە، کە دەبنە جیاکاری ئەفسانە و پێ جیادەکرێتەوە لە بابەتەکانی تر.

کێشەیەکی تری ئەم پێناسەیە ئەوەیە، جگە لە تایبەتمەندی شیعری، باسی ئەو تایبەتمەندیانەی تری نەکردوە، کە ئەفسانەی پێ دەناسرێتەوە، وەکو پاڵەوانەکانی ئەفسانە، کە خوداوەند و نیوەخوداوەندن، کاتی ئەفسانەیی، قۆناغی سەرهەڵدانی ئەفسانە و... هتد.

یەکێکی لەو بنەما هەمەکییە گرنگانەی ئەم پێناسەیە باسیکردوە (ڕووکەش – ڕواڵەت)ی ئەفسانەیە، بەڵام باسکردنەکە کێشەی هەیە، چونکە دەڵێت: شێوەی یەکەمی ئەفسانە شیعرە، ئەمەش گوزارشتە لەوەی، کە ئەفسانە (شێوەی دووەم و سێیەم و... هتد)ی هەبێت، بەم هۆیەشەوە ئەفسانە زیاتر لە فۆڕمێکی دەبێت و ناتوانرێت فۆڕمێکی دیاریکراوی بۆ

دەستنیشانبکرێت و پێی بناسرێتەوە، بۆیە فۆرمی ئەفسانە و ژانەرەکانی تر تێکەڵی یەکتری دەبن و لە یەکتری جیاناکرێنەوە.

وێڕای ئەوەی مەرجە پێناسە سەراپاگیر بێت و هەموو سیفەت و ڕەگەزەکانی ئەفسانە لە خۆیدا کۆبکاتەوە و باسیانبکات، هەرچەندە زۆریش بن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگریبکات لە تێکەڵاوبوون و هاتنەناوەوەی شتی لاوەکی بۆ ناو ئەفسانە.

سودی لەو وشە و چەمکانە وەرنەگرتوە، کە پەیوەندییان بە ئەفسانەوە هەیە، وەکو فرە خوداوەندی، قۆناغی سەرەتایی، پاڵەوانی ئەفسانە... هتد.

لە چەمک و وشەی گشتگیرەوە دەستپێنەکراوە بەرەو چەمکی ورد تر، بۆ نمونە، دەبوو بەم شێوەیە بڵێت: (ئەفسانە ژانەرێکی ئەدەبیە) ئەمە وشە و چەمکێکی گشتگیرە و چەمکە وردەکانی تری پەیوەست بە ئەفسانە لەخۆدەگرێت، کە پێویست بوو لە دوای ئەم وشە گشتگیرە یەک بە یەک باسی ئەو چەمکە وردانەی تری بکردایە، کە وابەستەن بە پێناسە ئەفسانەوە و ئەفسانەیان پێ دەناسرێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە چییەتی ئەفسانەی نەناساندوە و هیچ کام لەم مەرج و بنەمایانەی پێناسەی تێدا نیە، کە باسکران. دەتوانرێت بگوترێت، ئەمە ناساندنێکی گشتیە و ناچێتە خانەی پێناسەی ئەفسانەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو سەرنجانەی کە باسکران، ئەم ناساندنە لە سەرچاوەی تر وەرگیراوە، بەڵام هیچ سەرنج و تێبینیەک نەخراوەتەڕوو لەسەر کێشە و گیروگرفتەکانی.

**٢-١-٤- پێناسەی چوارەم:** دانەری ئەفسانە و کەسێتی ئەفسانەیی بنەمای یەکێک لە پێناسەکانی ترە، کە بەم شێوەیە دەڵێت: "ئەفسانە ئەو چیرۆکەیە دانەرەکەی دیار نیە و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگێڕدرێتەوە و کەسێتیی ئەفسانەیی بە هۆی ئامێر و کەرەستەی ئەفسانەیی لە کات و شوێنی ئەفسانەییدا کاری ئەفسانەیی دەکەن" (حەسەن، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٢٠: ٦٣) ئەگەر بە پێی مەرج و بنەماکانی پێناسە و پێناسەی ئەفسانە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پێناسەیە بکرێت و شیبکرێتەوە، دەتوانرێت بگوترێت، ئەم کێشانەی تێدا بەدیدەکرێت:

ئەم پێناسەیە ئاماژەی بۆ ڕەگەزی ئەفسانە نەکردوە، کە ڕەگەزێکی ئەدەبیە، هەرچەندە ئەمە بنەمایەکی بنچینەییە و ناکرێت لە پێناسەی ئەفسانەدا پشتگوێبخرێت، چونکە ڕەگەزی ئەفسانە یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئەفسانە و بابەتەکانی تری پێ لە یەکتری جیابکرێتەوە.

جۆر یەکێکە لەو بنەما هەمەکییە گرنگانەی ئەم پێناسەیە باسیکردوە، بەڵام باسکردنەکە گرفتی هەیە، چونکە لەجیاتی ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە بکات، کە ئەفسانە ژانەر و جۆرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، دەڵێت: ئەفسانە ئەو چیرۆکەیە، ئەمەش کێشەی سازاندوە، چونکە ئەفسانە و چیرۆک دوو ژانەری ئەدەبی جیاوازن، ناکرێت تێکەڵی یەکتری بکرێن، لەبەرئەوەی هەر یەکەیان چەندین تایبەتمەندی و بنەمای سەربەخۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە جۆر و ژانەرە ئەدەبییەکانی تر.

گرفتێکی تری ئەم پێناسەیە ئەوەیە ئاماژەی بەو سیفەت و تایبەتمەندیانە نەکردوە، کە دەبنە جیاکاری ئەفسانە و پێی جیادەکرێتەوە لە بابەتەکانی تر، هەرچەندە وەکو جیاکاری ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، کە کەسێتی ئەفسانەیی بە هۆی کەرەستەی ئەفسانەیی کاری تێدا دەکەن، بەڵام ئەم دوو بابەتە نابنە جیاکاری ئەفسانە، چونکە سیفەت و تایبەتمەندی ئەفسانەیی نین.

یەکێکی تر لەو بنەما هەمەکییانەی ئەم ناساندنە باسینەکردوە (ڕووکەش – ڕواڵەت)ی ئەفسانەیە، کە بریتییە لە فۆرمی داڕشتنی ئەفسانە، چونکە کاتێک ئاماژە بۆ قاڵبی ژانەری ئەفسانە دەکرێت، چارەسەری کۆمەڵێک کێشە دەکات و بە ئاسانی پێی لە بەشێک لە بابەت و ژانەرە ئەدەبییەکانی تر جیادەکرێتەوە، لە ئەنجامی ئەم پەراوێزخستنەی فۆرمی ئەفسانە، چیرۆک و ئەفسانە تێکەڵی یەکتری کراون.

لەگەڵ ئەوەی مەرجە پێناسە سەراپاگیر بێت و هەموو سیفەت و ڕەگەزەکانی ئەفسانە لەخۆیدا کۆبکاتەوە و باسیانبکات، هەرچەندە زۆریش بن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگری بکات لە تێکەڵاوبوون و هاتنەناوەوەی شتی لاوەکی بۆ ناو ئەفسانە، بەڵام ئەم پێناسەیە ڕێگری نەکردوە لە تێکەڵ بوونی چیرۆک و ئەفسانە.

ئەو چەمکانەی لە پێناسەکەدا پەنایان بۆ براوە بەشێک لە ناوەڕۆک و ڕاستی و سروشتی ئەفسانەیان ڕوووننەکردوەتەوە، وەکو کەسێتی ئەفسانەیی، کەرەستەی ئەفسانەیی.

لە چەمک و وشەی گشتگیرەوە دەستپێینەکراوە بەرەو چەمکی ورد تر، بۆ نمونە، دەبوو بەم شێوەیە بڵێت: (ئەفسانە ژانەرێکی ئەدەبیە) ئەمە وشە و چەمکێکی گشتگیرە و چەمکە وردەکانی تری پەیوەست بە ئەفسانە لەخۆدەگرێت، کە پێویست بوو لە دوای ئەم وشە گشتگیرە یەک بە یەک باسی ئەو چەمکە وردانەی تری بکردایە، کە وابەستەن بە پێناسە ئەفسانەوە و ئەفسانەیان پێ دەناسرێتەوە.

لەسەر ئەو بنەمایەی، کە چییەتی ئەفسانەی نەناساندوە و هیچ کام لەم مەرج و بنەمایانەی پێناسەی تێدا نیە، کە باسکران، دەتوانرێت بگوترێت، ئەمە ناساندنێکی گشتیە و ناچێتە خانەی پێناسەی ئەفسانەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو سەرنجانەی، کە باسکران، ئەم ناساندنە لە سەرچاوەی تر وەرگیراوە، بەڵام هیچ سەرنج و تێبینیەک نەخراوەتەڕوو لەسەر کێشە و گیروگرفتەکانی.

جگە لە هەموو ئەو گرفتانەی تر کە باسکران، ئەو لایەنەی ناساندنەکە بێکێشەیە کە دەڵێت: دانەری ئەفسانە دیار نیە، بەڵام کێشەیەکی تری ناساندنەکە ئەوەیە، کە پاڵەوانی ئەفسانەی بە کەسێتی ئەفسانەیی خستوەتەڕوو، چونکە کەسێتی بە واتای مرۆڤ و کارەکتەری مرۆڤ دێت، بەڵام پاڵەوانی ئەفسانە خوداوەند و نیوە خوداوەندن نەک کەسایەتی و مرۆڤی ئاسایی.

**٢-٢- تەوەری دووەم: خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ پێناسەکانی ئەفسانە لە (توێژینەوەی دووەم)دا**

ئەم توێژینەوەیەش یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی بەشی یەکەمی تەرخانکردوە بۆ پێناسەی ئەفسانە و چەند پێناسەیەکی جۆراوجۆری  بۆ ئەفسانە خستوەتەڕوو، کە سەرجەمی ئەو پێناسانە لە سەرچاوەی تر وەرگیراون و هی شارەزایان و زانایانی بواری ئەفسانەناسین، وێڕای ئەوەی ئەم پێناسانە کۆمەڵێک کێشەیان هەیە و چەندین سەرنج و تێبینی هەڵدەگرن، بەڵام هیچ سەرنج و تێبینیەکی لەسەر کێشە و گیروگرفتەکانیان نەخستوەتەڕوو، بۆیە ئێمە وەکو دیدگا و گۆشەنیگای ئەم توێژینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین. لێرەدا لەبەر سنورداری توێژینەوەکەمان تەنیا ئاماژە بە سێ لەو پێناسانە دەکەین و کێشە و گرفتەکانیان دەستنیشاندەکەین لەگەڵ خستنەڕووی ئەو هۆکارانەش، کە ئەم کێشانەیان سازاندوە.

**٢-٢-١- پێناسەی یەکەم:** تێکەڵکردنی ئەفسانە لەگەڵ حیکایەت و خوڕافیات سیمای یەکەمین پێناسەیە، کە بەم شێوەیە خراوەتەڕوو: "حیکایەتەکا خورافییە هەردەم دانەرێ وێ جڤاکە و پالەوانێ وێ کەسایەتیێن ڕادەبەدەرن وەکی هێماییێن سروشتنە و دەربڕینێ ژ بار و دوخەکێ دیارکری یێ ژیانێ دکەن" (عبدالرحمن، شڤان جرجیس، ٢٠١٣: ٢٥) ئەگەر بە پێی مەرج و بنەماکانی پێناسە و پێناسەی ئەفسانە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پێناسەیە بکرێت و شیبکرێتەوە دەتوانرێت بگوترێت ئەم کێشانەی تێدا بەدیدەکرێت:

ئەم پێناسەیە ئاماژەی بۆ ڕەگەزی ئەفسانە نەکردوە، کە ڕەگەزێکی ئەدەبیە، هەرچەندە ئەمە بنەمایەکی بنچینەییە و ناکرێت پشتگوێبخرێت لە پێناسەی ئەفسانەدا، چونکە ڕەگەزی ئەفسانە یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئەفسانە و بابەتەکانی تری پێ لەیەکتری جیابکرێتەوە، بۆیە تێکەڵکراوە لەگەڵ خوڕافیات هەرچەندە ڕەگەزێکی ئەدەبی نیە.

یەکێک لەو بنەما هەمەکییە گرنگانەی ئەم پێناسەیە بەهەندی وەرنەگرتوە(جۆر)، ئەمەش گرفتێکی گەورەی سازاندوە، لەبەرئەوەی کاتێک ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە ئەفسانە ژانەر و

جۆرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، ئەوا لەو ڕێگەیەوە لە ژانەر و جۆرە ئەدەبییەکان و بابەتەکانی تر جیادەکرێتەوە، بەڵام گرنگی نەدان بەم بنەمایە وایکردوە ئەفسانە و حەکایەت تێکەڵی یەکتری بکرێن، هەرچەندە دوو ژانەری ئەدەبی جیاوازن، جگە لەوەش ئەفسانە تێکەڵکراوە لەگەڵ خوراڤیات، کە نەک جۆرێکی ئەدەبی نیە، بەڵکو لە ڕەگەزیشدا جیاوازن.

تەنیا باسی دانەر و پاڵەوانی ئەفسانەی کردوە، کە پاڵەوانی ئەفسانەی بە کەسایەتی لە رادەبەدەر ناساندوە، ئەمەش کێشەی هەیە، چونکە پاڵەوانی ئەفسانە خوداوەند و نیوە خوداوەندن، هەروەها باسی ئەو تایبەتمەندیانەی تری نەکردوە، کە دەبنە (جیاکاری) ئەفسانە و پێی جیادەکرێتەوە لە بابەتەکانی تر، بۆیە لەگەڵ حەکایەت و خوراڤیات تێکەڵکراوە.

یەکێکی تر لەو بنەما هەمەکییانەی ئەم ناساندنە باسینەکردوە (ڕووکەش – ڕواڵەت)ی ئەفسانەیە، کە بریتییە لە فۆرمی دارشتنی ئەفسانە، چونکە کاتێک ئاماژە بۆ قاڵبی ژانەری ئەفسانە دەکرێت چارەسەری کۆمەڵێک کێشە دەکات و بە ئاسانی پێی لە بەشێک لە بابەت و ژانەرە ئەدەبییەکانی تر جیادەکرێتەوە، بەڵام بە هۆی پشتگوێخستنی ئەم تایبەتمەندیە ئەفسانە و حەکایەت و خوراڤیات لێرەدا تێکەڵی یەکتری کراون، هەرچەندە فۆرمی دەربڕینیان جیاوازە لە ئەفسانە.

هەرچەندە مەرجە پێناسە گشتگیر و کۆکەرەوە و قەدەغەکار بێت، واتا، سەراپاگیر بێت و هەموو سیفەت و ڕەگەزەکانی ئەفسانە لەخۆیدا کۆبکاتەوە و باسیانبکات، هەرچەندە زۆریش بن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگری بکات لە تێکەڵاوبوون و هاتنەناوەوەی شتی لاوەکی بۆ ناو ئەفسانە، بەڵام لێرەدا ڕێگرینەکراوە لە هاتنەناوەوەی شتی لاوەکی وەک: حیکایەت و خوراڤیات.

ئەو چەمکانەی لە پێناسەکەدا پەنایان بۆ براوە بەشێک لە ناوەڕۆک و ڕاستی و سروشتی ئەفسانەیان ڕوونەکردوەتەوە وەک، حەکایەت و خوراڤیات.

لە چەمک و وشەی گشتگیرەوە دەستپێینەکراوە بەرەو چەمکی ورد تر، بۆ نمونە، دەبوو بەم شێوەیە بڵێت: (ئەفسانە ژانەرێکی ئەدەبیە) ئەمە وشە و چەمکێکی گشتگیرە و چەمکە وردەکانی تری پەیوەست بە ئەفسانە لەخۆدەگرێت، کە پێویست بوو لە دوای ئەم وشە گشتگیرە یەک بە یەک باسی ئەو چەمکە وردانەی تری بکردایە، کە وابەستەن بە پێناسەی ئەفسانەوە و ئەفسانەیان پێ دەناسرێتەوە.

لەم گۆشەنیگایەوە، چییەتی ئەفسانەی نەناساندوە و هیچ کام لەم مەرج و بنەمایانەی پێناسەی تێدا نیە، کە باسکران دەتوانرێت بگوترێت، ئەمە ناساندنێکی گشتیە و ناچێتە خانەی پێناسەی ئەفسانەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو سەرنجانەی کە باسکران، ئەم ناساندنە لە سەرچاوەی تر وەرگیراوە، بەڵام هیچ سەرنج و تێبینیەک نەخراوەتەڕوو لەسەر کێشە و گیروگرفتەکانی.

گرفتێکی تری ئەم ناساندنە ئەوەیە لە دەستپێکی پێناسەکەدا ئەفسانە بە جۆرێک لە حیکایەت باسکراوە بەبێ ئەوەی پێمانبڵێت، چ جیاوازیەکی لەگەڵ ژانەری حیکایەتدا هەیە، بە بێ گوێدانە ئەوەی، کە حیکایەت و خوڕافە دوو بابەتی سەربەخۆن و لە ئەفسانە جیاوازن.

بەشێکی تری پێناسەکە، ئاماژەکردنە بە دانەر و پاڵەوانی ئەفسانە، لەبارەی دانەری ئەفسانە دەربڕینەکەی بێگرفتە و کۆمەڵگە دانەریەتی، بەڵام لەبارەی پاڵەوانی ئەفسانە، دەڵێت: کەسایەتی لە ڕادەبەدەرن، کە پاڵەوانی حیکایەت و داستانیش ئەم تایبەتمەندییەیان هەیە، بەم شێوەیە، ئەفسانە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ئەو ژانەرانە، کەچی یەکێک لە تایبەتمەندیە سەرەکییەکانی ئەفسانە ئەوەیە، کە پاڵەوانەکانی خوداوەند و نیوە خوداوەندن، کە لە بەشی تایبەتمەندیەکانی پاڵەوانی ئەفسانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ باسکراوە.

**٢-٢-٢- پێناسەی دووەم:** پێناسەیەکی تر ئەفسانە بە هەندێک تێکست ناودەبات و دەڵێت:"بتنێ هندەک تێکستن بابو کالێن مە بۆ مە ل پاش خۆ هێلاینە" (عبدالرحمن، شڤان جرجیس، ٢٠١٣: ٢٥) ئەگەر بە پێی مەرج و بنەماکانی پێناسە و پێناسەی ئەفسانە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پێناسەیە بکرێت و شیبکرێتەوە، دەتوانرێت بگوترێت، ئەم کێشانەی تێدا بەدیدەکرێت:

ئەم پێناسەیە ئاماژەی بۆ ڕەگەزی ئەفسانە نەکردوە، کە ڕەگەزێکی ئەدەبیە، هەرچەندە ئەمە بنەمایەکی بنچینەییە و ناکرێت پشتگوێبخرێت لە پێناسەی ئەفسانەدا، چونکە ڕەگەزی ئەفسانە، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئەفسانە و بابەتەکانی تری پێ لەیەکتری جیابکرێتەوە، بەڵام بە هۆی پەراوێزخستنی ئەم بنەمایە ئەفسانە تێکەڵکراوە لەگەڵ تێکست، کە نازانرێت ناوەڕۆکی ئەو تێکستانە چیە و باسی چی دەکەن و سەر بە چ ڕەگەزێکن.

(جۆر) یەکێکە لەو بنەما هەمەکییە گرنگانەی ئەم پێناسەیە بەهەندی وەرنەگرتوە، ئەمەش گرفتێکی گەورەی سازاندوە، لەبەرئەوەی کاتێک ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە ئەفسانە ژانەر و جۆرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، ئەوا لەو ڕێگەیەوە لە ژانەر و جۆرە ئەدەبیەکان و بابەتەکانی تر جیادەکرێتەوە، بەڵام گرنگی نەدان بەم بنەمایە وایکردوە ئەفسانە و تێکست تێکەڵبکرێن، کە نازانرێت ئەو تێکستە ڕەگەزێکی ئەدەبی هەیە یان نا؟ ئەگەر ڕەگەزێکی ئەدەبیشی هەبێت، نازانرێت، چ جۆر و ژانەرێکی ئەدەبیە.

ئاماژەی بەو سیفەت و تایبەتمەندیانە نەکردوە، کە دەبنە (جیاکاری) ئەفسانە و پێ جیادەکرێتەوە لە بابەتەکانی تر، بۆیە لێرەدا لەگەڵ تێکست تێکەڵکراوە.

یەکێکی تر لەو بنەما هەمەکییانەی ئەم ناساندنە باسینەکردوە (ڕووکەش – ڕواڵەت)ی ئەفسانەیە، کە بریتییە لە فۆرمی دارشتنی ئەفسانە، چونکە کاتێک ئاماژە بۆ قاڵبی ژانەری ئەفسانە دەکرێت، چارەسەری کۆمەڵێک کێشە دەکات و بە ئاسانی پێی لە بەشێک لە بابەت و ژانەرە ئەدەبییەکانی تر جیادەکرێتەوە، بەڵام بە هۆی پشتگوێخستنی ئەم تایبەتمەندیە ئەفسانە و تێکست لێرەدا تێکەڵی یەکتری کراون، لەگەڵ ئەوەی نازانرێت، ئەو تێکستە چ فۆرمێکی هەیە.

هەرچەندە مەرجە سەراپاگیر بێت و هەموو سیفەت و ڕەگەزەکانی ئەفسانە لەخۆیدا کۆبکاتەوە و باسیان بکات ئەگەرچی زۆریش بن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگری بکات لە تێکەڵاوبوون و هاتنەناوەوەی شتی لاوەکی بۆ ناو ئەفسانە، بەڵام لێرەدا ڕێگری نەکراوە لە هاتنەناوەوەی شتی لاوەکی وەک: تێکست.

ئەو چەمکانەی لە پێناسەکەدا پەنایان بۆ براوە، بەشێک لە ناوەڕۆک و ڕاستی و سروشتی ئەفسانەیان ڕوونەکردوەتەوە، وەک تێکست.

لە چەمک و وشەی گشتگیرەوە دەستپێینەکراوە بەرەو چەمکی ورد تر، بۆ نمونە، دەبوو بەم شێوەیە بڵێت: (ئەفسانە ژانەرێکی ئەدەبیە) ئەمە وشە و چەمکێکی گشتگیرە و چەمکە وردەکانی تری پەیوەست بە ئەفسانە لەخۆدەگرێت، کە پێویست بوو لە دوای ئەم وشە گشتگیرە یەک بە یەک باسی ئەو چەمکە وردانەی تری بکردایە، کە وابەستەن بە پێناسە ئەفسانەوە و ئەفسانەیان پێ دەناسرێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، چییەتی ئەفسانەی نەناساندوە و هیچ کام لەم مەرج و بنەمایانەی پێناسەی تێدا نیە، کە باسکران دەتوانرێت بگوترێت، ئەمە ناساندنێکی گشتیە و ناچێتە خانەی پێناسەی ئەفسانەوە.

وێڕای هەموو ئەو سەرنجانەی باسکران، ئەم ناساندنە لە سەرچاوەی تر وەرگیراوە، بەڵام هیچ سەرنج و تێبینیەک نەخراوەتەڕوو لەسەر کێشە و گیروگرفتەکانی.

بەپێی ئەم ناساندنە بێت هەر تێکستێک لە باوک و باپیرانمانەوە بەجێمابێت بەبێ هیچ چەند و چوونێک دەبێت بە ئەفسانە، ئەمەش کێشە دەسازێنێت، هەرچەندە ئەفسانە لە باوک و باپیرانەوە دەگات بە نەوەکانی دوای خۆیان، بەڵام لە پاڵ ئەفسانەشدا چەندین بابەتی تر هەن لە باوک و باپیرانەوە دەگات بە نەوەکانی دوای خۆیان، وەک، حیکایەت و پەندی پێشینان و... هتد، کە ناکرێت ئەمانەش بخرێنە خانەی ئەفسانەوە.

**٢-٢-٣- پێناسەی سێیەم:** ناساغی زمانی کراوەتە بنەمای پێناسەیەکی تری ئەفسانە، کە لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت: "ئەفسانە دمێشکێ مرۆڤی دا نەساخیە کا زمانڤانییە مرۆڤێ بەرێ ب ئەفسانان

د ئاخڤت نەک بزمانێ، چونکە ل وی سەردەمی هێژ زمانەکێ پوختەیێ ئاخافتنێ پەیدانەبوو، لەورا دەمێ د ڤیان حەزێن خۆ یێن کەسوکی ژ بۆ دەربڕینا هەستان شروڤەبکەن ئەفسانە بکار دهینان" (عبدالرحمن، شڤان جرجيس، ٢٠١٣: ٢٧-٢٨) ئەگەر بە پێی مەرج و بنەماکانی پێناسە و پێناسەی ئەفسانە ئەم پێناسەیە هەڵبسەنگێندرێت و شیبکرێتەوە، دەتوانرێت بگوترێت، ئەم کێشانەی تێدا بەدیدەکرێت:

ئەم پێناسەیە ئاماژەی بۆ ڕەگەزی ئەفسانە نەکردوە، کە ڕەگەزێکی ئەدەبیە، هەرچەندە ئەمە بنەمایەکی بنچینەییە و ناکرێت پشتگوێبخرێت لە پێناسەی ئەفسانەدا، چونکە ڕەگەزی ئەفسانە یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئەفسانە و بابەتەکانی تری پێ لە یەکتری جیابکرێتەوە، بەڵام بە هۆی پەراوێزخستنی ئەم بنەمایە ئەفسانە تێکەڵکراوە لەگەڵ ناساغی زمانی، کە ڕەگەزێکی ئەدەبی نیە.

(جۆر) یەکێکە لەو بنەما هەمەکییە گرنگانەی ئەم پێناسەیە بەهەندی وەرنەگرتوە، ئەمەش گرفتێکی گەورەی سازاندوە، لەبەرئەوەی کاتێک ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە ئەفسانە ژانەر و جۆرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، ئەوا لەو ڕێگەیەوە لە ژانەر و جۆرە ئەدەبیەکان و بابەتەکانی تر جیادەکرێتەوە، بەڵام گرنگی نەدان بەم بنەمایە وایکردوە ئەفسانە و ناساغی زمانی تێکەڵبکرێن هەرچەندە ڕەگەز و جۆرێکی ئەدەبیش نیە.

کێشەیەکی تری ئەم پێناسەیە ئەوەیە، باسی ئەو تایبەتمەندیانەی نەکردوە، کە دەبنە جیاکاری و ئەفسانەی پێ دەناسرێتەوە، وەک: کاتی ئەفسانەیی، قۆناغی سەرهەڵدانی ئەفسانە و دروستکردنی پاڵەوانی بێ مێژوو ... هتد.

یەکێکی تر لەو بنەما هەمەکییانەی ئەم ناساندنە باسینەکردوە قاڵبی ئەفسانەیە، کە بریتییە لە فۆرمی داڕشتنی ئەفسانە، چونکە کاتێک ئاماژە بۆ قاڵبی ژانەری ئەفسانە دەکرێت، چارەسەری کۆمەڵێک کێشە دەکات و بە ئاسانی پێی لە بەشێک لە بابەت و ژانەرە ئەدەبیەکانی تر جیادەکرێتەوە، بەڵام بە هۆی پشتگوێخستنی ئەم تایبەتمەندیە ئەفسانە و ناساغی زمانی تێکەڵی یەکتری کراون، کە هەر یەکەیان خاوەنی فۆرمێکی دەربڕینی تایبەت بە خۆیانن.

هەرچەندە مەرجە پێناسە سەراپاگیربێت و هەموو سیفەت و ڕەگەزەکانی ئەفسانە لەخۆیدا کۆبکاتەوە و باسیانبکات، هەرچەندە زۆریش بن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگریبکات لە تێکەڵاوبوون و هاتنەناوەوەی شتی لاوەکی بۆ ناو ئەفسانە، بەڵام لێرەدا ڕێگری نەکراوە لە هاتنەناوەوەی شتی لاوەکی وەک: ناساغی زمانی.

ئەو چەمکانەی لە پێناسەکەدا پەنایان بۆ براوە بەشێک لە ناوەڕۆک و ڕاستی و سروشتی ئەفسانەیان ڕوونەکردوەتەوە، وەکو ناساغی زمانی.

لە چەمک و وشەی گشتگیرەوە دەستیپێنەکراوە بەرەو چەمکی ورد تر، بۆ نمونە، دەبوو بەم شێوەیە بڵێت: (ئەفسانە ژانرێکی ئەدەبیە) ئەمە وشە و چەمکێکی گشتگیرە و چەمکە وردەکانی تری پەیوەست بە ئەفسانە لەخۆدەگرێت، کە پێویست بوو لە دوای ئەم وشە گشتگیرە یەک بە یەک باسی ئەو چەمکە وردانەی تری بکردایە، کە وابەستەن بە پێناسە ئەفسانەوە و ئەفسانەیان پێ دەناسرێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، چییەتی ئەفسانەی نەناساندوە و هیچ کام لەم مەرج و بنەمایانەی پێناسەی تێدا نیە کە باسکران، دەتوانرێت بگوترێت، ئەمە ناساندنێکی گشتیە و ناچێتە خانەی پێناسەی ئەفسانەوە.

وێڕای هەموو ئەو سەرنجانەی، کە باسکران ئەم ناساندنە لە سەرچاوەی تر وەرگیراوە، بەڵام هیچ سەرنج و تێبینیەک نەخراوەتەڕوو لەسەر کێشە و گیروگرفتەکانی.

کێشەی سەرەکی ئەم ناساندنە لەوەدایە، ئەفسانە بە نەخۆشی زمانی دادەنێت، بێ گوێدانە ئەوەی، کە ئەفسانە بە شێوازێکی هونەری لە قاڵبی شیعریدا داڕێژراوە، کە ئەمەش پێچەوانەی ئەم ناساندنەیە.

لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر زمانێکی پوختی قسەکردن بوونی نەبووبێت، چۆن توانراوە ئەفسانە بە شێوازێکی هونەری لە قاڵبی شیعریدا دابڕێژرێت؟ لە کاتێکدا زمانی شیعری زمانێکی سادە و ئاسایی ڕۆژانە نیە و زمانێکی ئاڵۆز و چڕ و پرە و پێویستی بە هەڵبژاردن و ڕێکخستنی وشەیی هەیە.

ئەنجام

١. هیچ کام لە پێناسەکانی ئەفسانە لە توێژینەوەی یەکەم و دووەمدا پەیرەوی زۆربەی مەرج و بنەماکان زانستی پێناسەیان نەکردوە.

٢. پێناسەکانی هەردوو توێژینەوەکە باسی پاڵەوانی ئەفسانەییان کردوە، بەڵام تایبەتمەندیی پاڵەوانی ئەفسانەییان تێدا نیە، چونکە پاڵەوانی ئەفسانەیی تەنیا خوداوەند و نیوە خوداوەندەکانن.

٣. توێژینەوەی یەکەم ئاماژەی بەو سیفەت و تایبەتمەندیانە نەکردوە، کە دەبنە جیاکاری ئەفسانە و پێ جیادەکرێتەوە لە بابەتەکانی تر، هەروەها توێژینەوەی دووەمیش تەنیا باسی ئەوەی کردوە،

کە ئەفسانە بەرهەمێکی دەستەجەمعییە و کۆمەڵگە خاوەنیەتی لەگەڵ ئاماژەکردن بە مێژووی سەرهەڵدانی ئەفسانە لە قۆناغە بەراییەکان.

٤. هەرچەندە توێژینەوەی یەکەم باسی فۆڕمی ئەفسانەی کردوە، بەڵام باسکردنەکە کێشەی هەیە، کەچی توێژینەوەی دووەم بە هیچ جۆرێک لە فۆڕمی ئەفسانە نەدواوە.

٥. هیچ کام لە پێناسەکانی توێژینەوەی یەکەم و دووەم، هەمەلایەن و گشتگیر و قەدەغەکار نین، بۆیە پێناسەکانی توێژینەوەی یەکەم، ئەفسانەیان تێکەڵکردوە لەگەڵ بابەتەکانی تری وەک داستان، جادوو، ئایین، مێژوو، ڕامان، زانست و... هتد. هەروەها پێناسەکانی توێژینەوەی دووەمیش ئەفسانەیان تێکەڵکردوە لەگەڵ حیکایەت، سیحر، جادوو، خوارافە، چیرۆک و چیڤانوک... هتد.

**سەرچاوە کوردییەکان**


-ئەلسەواح، فیراس (٢٠٢٢)، و: خەسرەو مەحمود میراودەلی، ئایینی مرۆڤ، چاپخانەی تاران، چ١، سلێمانی.

– السواح، فراس (٢٠٢١)، و: د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سەرکێشی یەکەمی ئەقڵ (لێکۆڵینەوەیەک لە ئەفسانە. سوریا و میسۆپۆتامیا)، چاپخانی تاران، چ١، سلێمانی.

– حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپخانەی تاران، چ١، سلێمانی.

– جەباری، پ. د. حسن حسین (٢٠١٥)، لۆجیکی کۆن و لۆجیکی هاوچەرخ، دەزگای چاپ و پەخشی ئارین، چ١، هەولێر.

– جەلال، ئارام حاجی، هاوژینی مەلائەمین، هۆشمەن (٢٠١٥)، ئەفسانە و ئایین و زانست، چاپخانەی تاران، چ١، سلێمانی.

– خۆشناو، فەرهاد عەزیز (٢٠١٣)، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، چاپخانەی حاجی هاشم، چ١، هەولێر.

– زەبیحی، عەبدوڕەحمانی (١٣٦٧)، قاموسی زمانی کوردی، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، سنە.

– کومن، فرانتس (٢٠٠٨)، نهێنییەکانی ئایینی میترایی، و. فەرهاد عەزیز خۆشناو، دەزگای موکریان، چ١، هەولێر.

– عبدالرحمن، شڤان جرجیس (٢٠١٣)، ئەرک و ڕەگەزێن ئەفسانێ د چوار ڕۆمانێن دەڤەرا بەهدینان‌دا، چاپخانەیا پارێزگەها دهوکێ، دهۆک.

– عەزیز، حەمید (٢٠١٦)، لۆجیک: دوێنێ و ئەمڕۆ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- مردوخی، محمد ماجد (١٣٩٢)، فەرهەنگی دانشگاه کردستان، بڵاوکراوەی دانشگاهی کوردستان، جلد١، چ٢، سنه.
- مردوخی، محمد (١٣٨٨)، فەرهەنگی مەردۆخ، لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی ڕەئوف ڕەهنمون، خانەی بڵاوکردنەوەی پرتەوبەیان، (٢گ).
- میراودەلی، خوسرەو (٢٠١٦)، ئەفسانە و مەعریفە، دەزگای چاپ کتێبخانی نالی، چ١، سلێمانی.

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

- ابراهیم، نبیلة (١٩٧٩)، الاسطورة، الموسوعة الصغیرة (٥٤)، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام، الجمهوریة العراق.
- اشعیل، ابراهیم (٢٠١٣)، لغة التعریف و تعریف اللغة، رسالة الماجستیر، جامعة سیدی محمد بن عبدالله.
- السواح، فراس (١٩٩٨)، دین الانسان، بحث فی ماهیة الدین و منشا الدافع الدینی، مشورات دار علاء الدین، ط٣، سوریا، دمشق.
- الغزالی، ابو حامد (١٩٩٠)، معیار العلم، شرحه: احمد شمس الدین، دار الکتب العلمیة، طبعة الاول، بیروت، لبنان.
- الماجدی، خزعل (٢٠١٠)، المثولوجیا المندائیة، دار نینوی للدراسات و النشر و التوزیع، سوریة – دمشق.

**ڕۆژنامەی عەرەبی**

- احمید، عبدالعزیز (٢٠١١)، التعریف و المصطلح، مجلة مصطلحیات، مطبعة امیمة، فاس، العدد الاول.

**سەرچاوە فارسییەکان**

- الیاده، میرچا (١٣٩٠)، اسطوره بازگشت جاودانه، ترجمه بهمن سرکاراتی، انتشارات طهوری، چاپ سوم، تهران.
- فروشی، دکتر بهرام (١٣٤٦)، فرهنگ فارسی به پهلوی، موسسة انتشارات دانشگاه تهران، چاپ چهارم، تهران.
- عالمی، روح الله (١٣٩٥)، منطق، شرکت نشر کتابهای درسی ایران، چاپ هشتم، تهران.
- میلیکشیویلی، گئورگی (١٣٨٧)، زبان اورار تو، ترجمه: حمید بحرانیان، انتشارات پازینه، چاپ اول، تهران.

- **پەراوێز**

1 . لەم گۆشە نیگایەوە هەندێک لە ڕەخنەگران ڕایانوایە، ئەفسانە "مێژووە مێژوویەکی ڕاستەقینە نەک مێژوویەکی درۆین. چیرۆکێکی واقیعیە و بە هۆی ناوەڕۆکەکەیەوە ڕووداوگەلێکی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە، واتا، سەرەتای ڕووداوە ئەزەلیە مەزنەکان: سەرەتای جیهان، سەرەتای مرۆڤایەتی، سەرەتای ژیان و مردن، سەرەتای دەرکەوتنی جۆرەکانی ئاژەڵ و ڕووەک، سەرەتای ڕاوکردن، سەرەتای کشتوکاڵ سەرەتای ئاگر، سەرەتای ئایینەکان... هتد"(داریوش شایغان، ٢٠٠٧: ٩٩–١٠٠)

لەلایەکی دیکەوە دەگوترێت: "لە ڕابردوە دورەکاندا ئەفسانەکان کۆمەڵێک لە وێنە فێرکارییەکان بوون دەربارەی سروشت و چارەنوسی مرۆڤ و فەلسەفەی پەیدابوونی مرۆڤ"(میرچا الیادە، ١٣٦٢: ١٧) کە بەرچاوڕوونی بە مرۆڤ داوە و لێوەی فێربووە.

لەم گۆشەنیگایەوە، دەتوانرێت بگوترێت: ئەرکی سەرەکی ئەفسانە ئاشکراکردن و خستنەڕووی تێکڕای کار و چالاکییەکانی مرۆڤی سەرەتاییە.(محمد الخطیب، ١٩٩٩: ١٠٤)

## (قراءة نقدية لتعريف الأسطورة في الأدب الكوردي)


### الملخص

هذه الدراسة الموسومة بـ(قراءة نقدية لتعريف الأسطورة في الأدب الكوردي) تعد محاولة لعرض المشكلات التي تعرض إليها التعريف في رسالتين علميتين.

وتتكون الدراسة من قسمين، فأمّا القسم الأول فيحتوي الجانب النظري وذلك من خلال محورين اثنين، تم تخصيص المحور الأول لذكر ماهية التعريف ومبادئه وشروطه بشكل موجز، وفي المحور الثاني تم عرض مفهوم الأسطورة وتعريفها.

وأمّا القسم الثاني فيحتوي الجانب التطبيقي، وذلك من خلال محورين اثنين أيضًا، ففي المحور الأول تمت قراءة نقدية لتعاريف الأسطورة في الرسالة الأولى، وتم تخصيص المحور الثاني لقراءة نقدية لتعاريف الأسطورة في الرسالة الثانية، وكل ذلك تمّ إجراءه استنادا على شروط التعريف عامة وتعريف الأسطورة خاصة.

وقد توصلت الدراسة عبر نتائجها، بأنّ تعريف الأسطورة في الرسالتين كلتيهما لم تتوفر فيه شروط التعريف ومبادئه، بحيث لا نجد في أكثر التعاريف الواردة ذكر (الجنس، النوع، التفريق، الخصوصية، والشكل)، إضافة إلى أنّ أكثر التعاريف لم تكن جامعة ومانعة.

وقد أجريت الدراسة تعويلا على المنهج الوصفي التحليلي من المناهج المعتمدة في الدراسات العلمية.


الكلمات المفتاحية: الأسطورة، الجنس (الشكل-الظاهر-الصورة)، المانع والجمع، التفريق، النوع.